# به پیر بانگەوازەکانی حوسێن یەزدانپەناوە بچن

ڕێبوار کەریم وەلی

ڤاسلاڤ هاڤێل ی سەرۆکی چیکۆسلۆڤاکیای جاران لە دانپێدانانێکدا لای ماریۆ بارگاس یوسا-ی کەڵە نووسەری پیرۆیی دەڵێ: (هاوڕێ، ئەوەندە لە پێناوی شتی بچوکدا جەنگاین تا خۆشمان بچوك بووینەوە. . !) زۆرم گەرەکە سەرکردە سیاسیەکانی کوردیش دوای ئەوەی خانەنشین بوون (کە مەحاڵە شتی وا رووبدات) کە چاویان بە بەشێکی زۆری رابوردوی سیاسیی خۆیاندا خشاندەوە، لە بەرامبەر مێژوودا ئەوەندە ئازابن، چونکە بە قەناعەتی من بەشی هەرەزۆری بەناو تێکۆشانی سیاسیی ئەم سەرکردانە ململانێیەکی گەورە بووە لەسەر شتی زۆر بچوك. مێژووی سیاسیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان شاهیدی ئەم قسەیەی منە: لەو شوێنەیدا کە پێویستمان بە دەستوەشاندن لە چارەنووس و وەلاوەنانی خیلافات هەبووە، سەرکردایەتیی ئێمە بەشتی زۆر بچوکیەوە گرتووە و بەری نەداوە...مەستی دەستەلآت و بۆمن بۆمن بووە و حازر نەبووە باز بەسەر بستێك لەبەرژەوەندییەکانی خۆیدا بدات.

بەهەرحاڵ، خەباتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە باشور (کوردستانی عێراق) تەژیی ئەم ململانێ و زۆرانبازییە بووە کە بەرهەمەکەی پتر لە چوار شەڕی گەورەی خۆبەخۆیی بووە کە هەریەکەیان بەساڵیان خایاندووە و تێیاندا بەسەدان رۆڵەی کورد بە ناهەق بەکوشت دراون. ئەمانە لە لاپەڕە هەرە رەشەکانی مێژووی سیاسیی ئێمەن کە لەبەرامبەر نەوەی ئایندەدا ئارەقەی خەجاڵەتییان لێدەچۆڕێتەوە. ئەمە جیا لەشەڕی کوردی ئەمبەر و ئەوبەر یان باکور و باشور کە ئەویش شەرمەزارییەکی گەورەیە و بە تەوێڵی مێژووی سیاسیمانەوەن.

ئێمە وەکو کوردی باشور، لەبەر هەندێ هۆکار بە چەند هەنگاوێك لە پێش بەشەکانی دیکەی کوردستانین و ئەمە شانسێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەبەشەکانی دیکە تا بەسەر پەرێزی بزووتنەوەکەماندا تێپەڕن و، ئەگەر واقیعبین بن، دەتوانن هەڵە و کەموکوڕییەکانمان ببینن و دەرسیان لێوەرگرن.

من لە مێژە کاك حوسێن یەزدانپەنا دەناسم و چەندین جار هەستم بە پەرۆشیی ئەم پیاوە بۆ دروستکردنی بەرەیەکی سیاسی و نیشتمانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. رەنگبێ هەندێك پێیانوابێ کە دروستکردنی بەرە هیچ لە واقیعەکە ناگۆڕێ. بە پێچەوانەوە یەککردن و یەکخستنی گوتاری سیاسی ونەتەوەیی لەم قۆناغەی ئێستادا بچوکترینی ئەو هەنگاوانەیە کە بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی لە رۆژهەڵات لەدەستی دێت بیهاوێ، جا خۆ ئەگەر ئەوەش نەکات ئەوا نەوەی نوێ قەت نایانبەخشێ. دنیا و هاوکێشەکان لە ناوچەکە بە خێرایی لە گۆڕاندان و سەرکردایەتیی سیاسی کورد لە رۆژهەڵات لەبەشێکی ئەم رووداوانەدا دەتوانێ رۆڵ ببینێ بەو مەرجەی کە یەکگرتوو بێت.

ئینجا دوای ئەوە پێویستیی بە پێداچوونەوەی درووشمەکانی هەیە، عەسری خودموختاری بەسەر چووە و حزبایەتیی ستالینی وەلاوە بنرێت و، دەرگا لەسەر نەسلی نوێ لەسەرکردایەتی و رۆڵ بینیندا بکرێتەوە.

کۆنگرەیەکی نیشتمانی فراوان بەبەشداریی هەموو گروپ و حزبەسیاسییەکان ببەسترێت و یکخستنی گوتاری سیاسی رابگەیەندرێت.

لەمەدا حزبەکانی باشوریش ئەرکیان دەکەوێتە سەرشان: واز لە دەست لەپشتدانی ئەم حزب و ئەو حزبی رۆژهەڵات هەڵگرن و هاریکارییان بکەن لە یەکگرتن و ئاژاوەیان لە نێودا نەنێنەوەو کە بەداخەوە لە هەندێ شوێن زۆر بەزەقی دەبیندرێت.

بەبوونی ئەمریکا لە ناوچەکە، باوی هەڕەشە و گوڕەشەکانی ئێران نەماوە و بزوتنەوەی سیاسی یەکگرتووی کورد لە رۆژهەڵات زۆر لە جاران چالاکانەتر توانای مانۆڕ و رۆڵ بینینی لەبەردەم دایە.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش بزوتنەوەی سیاسی یەکگرتووی کورد لە رۆژهەڵات دەتوانێ داوا بکات نوێنەری لە پەرلەمانی ئایندەی کوردستاندا هەبێت و بەمەش بەشێکی ئەزمونی کاری سیاسی و ئیداری ئامادەی گوێزانەوە ببێت بۆ رۆژهەڵات.

Rebwar2001@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.